# لەنێوان هەڵەبجەی وێران و هیرۆشیمای پێشکەوتوودا وێنەکان ڕاستترین بەڵگەن




گۆران هەڵەبجەیی

هێندەی بۆ هەڵەبجە نووسراوە.
هێندەی بۆ هەڵەبجە گوتراوە.
هێندەی بۆ هەڵەبجە یاداشت دراوە.
هێندەی بۆ هەڵەبجە مانگیراوە.
هێندەی بۆ هەڵەبجە ڕێپێوان کراوە.
هێندەی بۆ هەڵەبجە نارەزایی دەربڕاوە.

بگرە هێندەو پتریش

گفتی درۆ بەو شارە دراوە.
سەردانی بەرپرسانی بۆ کراوە.
سوێند بە گیانی شەهیدانی خوراوە.
باس لە ئاوەدانکردنەوەی کراوە.
دنیایەک سواڵی بەناوەوە کراوە
لێ 19 ساڵە هەر وەک خۆی ماوە

بۆیە لەمەو دوا هەرچی لەسەر ئەو شارە بنووسرێ و بگووترێ بەڕای من هیچ سودێکی نابێت. وا پێدەچێت هەڵەبجە لە بەرنامەو ئەولەویاتی بەرپرسانی حیزبی و ئیداریدا نەبیت، دەربڕینی ناڕازاییش بەهەر شێوازێک بێت لەمەڕ دواکەوتوویی باژێڕەکە هیچی لێ سەوز نابێت و بەر پرسانیش مێشێک میوانیان نابێت.

بۆیە بۆیادی ئەمساڵ لەبری نووسینی بابەتی رەخنەیی تەنها ئەم چەند وێنەیە دەخەمە پێش چاوی خوێنەران و بەرپرسان، کە بە ڕوونی ئەو جیاوازیە مەزنە دەردەخات لەنێوان هەڵەبجەو هیرۆشیمادا هەیە لە ڕووی خیرایی ئاوەدانکردنەوەوە. دەمێک مرۆڤ ئەو جیاوازیە مەزنەی بۆدەردەکەوێت سەری سووڕ دەمێنێت ،هاوکات بڕوای بە هیچ پاساوێکی بەرپرسانی خۆمان لەمەڕ هۆکارەکانی ئاوەدان نەکردنەوەی هەڵەبجە نامێنێت.

هیرۆشیما 1955

هێرۆشیما 1945







هێرۆشیما ئێستا



هێرۆشیما1945



هەڵەبجە 1991



هەڵەبجە 2006



هەڵەبجە 2006



هەڵەبجە 2006



هەڵەبجە 2006